هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

No: ژمارە: ٢/ ١١٩٩٠
Date: / / ڕێکەوت: ١٩ / ٨ / ٢٠١٦ی زاینی
١٩ / ٥ / ٢٧١٦ ی کوردی

وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت
مديرية التعليم الخاص
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

## ڕێنمایی ژمارە (١١)

## تایبەت بە مەرج و ڕێنماییەکانی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان

لەژێر ڕۆشنیایی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان و بەمەبەستی ڕێکخستنەوەو چەسپاندنی دادپەروەری و دڵنیابوونەوە لە ئاستی زانستی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان، مەرج و ڕێنماییەکانی تایبەت بە وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) دەردەکەین، کە لەهەمانکاتدا ئامانج تێیدا پاراستنی مافی قوتابی/خوێندکارانە لە بەدەستهێنانی هەلی خوێندن لە زانکۆو پەیمانگە تایبەتەکانی هەێمی کوردستان و بەدیهێنانی هاوسەنگی لە وەرگرتن لە نێوان گشت زانکۆو پەیمانگە تایبەتەکان بە جەختکردنەوە لە پاراستنی کوالیتی خوێندن و جێبەجێکردنی بنەماکانی دڵنیایی جۆری و هاندانی زانکۆ وپەیمانگە تایبەتەکانە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی وەرگرتن و ڕایی کردنی کارەکانی تۆمارەکانیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك کە خزمەت بە قوتابیان/خوێندکاران و پرۆسەی خوێندن بکات.

### یەکەم: مافی وەرگرتن و پێشکەشکردنی فۆرم:

١. هەر قوتابیەک/خوێندکارێك کە فۆرمی وەرگرتن پێشکەش دەکات مەرج نییە وەربگیرێت، چونکە وەرگرتن بەپێی چەند بنەمایەکی تایبەتی و لەسەر بنچینەی کێبڕکێی کۆنمرە لەگەڵ قوتابیان/خوێندکارانی تردا دەبێت.

٢. وەرگرتن لە بەشەکان بە شێوازی وەرگرتنی ناوەندی (قبول مركزي) جێبەجێ دەکرێت، بۆیە قوتابی/خوێندکار مافی وەرگرتنی تەنها لە یەك بەشی زانکۆکان هەیە.

٣. قوتابی/خوێندکار مافی نییە لە هەمان کاتدا لە زانکۆیەکی حکومی و زانکۆیەکی تایبەت بخوێنێت، ئەگەر لە هەردووکیان وەرگیرا بوو، ئەوا پێویستە لە هەفتەی یەکەمی دوای ڕاگەیاندنی ناوەکان بڕیاری خۆی بدات و داوای کێشانەوەی دۆسییە و سڕینەوەی ناو لە زانکۆی حکومی یان لە زانکۆ تایبەتەکە بکات، بەپێچەوانەوە لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت.

٤. قوتابی/خوێندکار مافی هەیە لە فۆرمی پێشکەشکردن، (٣) هەڵبژاردە (اختيار) پڕبکاتەوە لە بەشەکانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان ، ڕیزبەندی و هەڵبژاردەکان (اختيارات) بە پێی بڕیار و ئارەزووی خوێندکار/ قوتابی دەبێت. ئەمە پێوەرێکی گرنگ و سەرەکییە لە دیاریکردنی شوێنی وەرگرتن. پێویستە لەسەر قوتابی/خوێندکار ڕەچاوی مەرجە گشتی و تایبەتییەکانی وەرگرتن بکات و تەنها ئەو خوێندن و بەشانە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ ئارەزووی خۆی و لقی خوێندنی ئامادەییەکەی و کۆنمرەکەی دەگونجێت، بۆیە بیانووی بە هەڵە پڕکردنەوەی نابێت.

## دووەم: مەرجە گشتییەکانی وەرگرتن:

ئەو قوتابی/خوێندکارەی لەزانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان وەردەگیرێت پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

١. دەرچووی یەکێک لە ئامادەییە (زانستی، وێژەیی، پیشەیی)ەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان یان حکومەتی عێراقی فیدراڵ بێت و بڕوانامەکەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکەیەوە پەسەند کرابێت.

٢. دەرچووی یەکێک لەپەیمانگە پێنج ساڵییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە یان پەیمانگە دوو ساڵییەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بێت و لە بەشی هاوشێوەی پسۆڕی خۆی مافی چوونە پێشبڕکێی دەبێت.

٣. دەرچووی ئامادەیی لە دەرەوەی وولات بێت بە مەرجێک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەرامبەرکردنی بۆ بڕوانامەکەی کردبێت. دواى دیاری کردنی پسپۆڕی و کۆنمرەکەی مافی چوونە پیشبڕکێی دەبێت لە بەشی هاوشێوە.

٤. لە پشکنینی پزیشکی دەرچووبێت، بەپێی ئەو مەرجە تایبەتییانەی بۆ هەر خوێندنێک دیاریکراوە.

٥. دەرچووانی ساڵی خوێندنی (٢٠١٥-٢٠١٦) بە دەرچووی ئەمساڵ ئەژمار دەکرێن، وە دەرچووانی گشت ساڵەکانی پێشووی خوێندن بە دەرچووانی ساڵانی پێشوو ئەژماردەکرێن وە هیچ نمرەی بەخشراویان پێ نادرێت.

٦. پێویستە تەمەنی قوتابی/خوێندکاری پێشکەشکار بۆ بەشە پزیشکی و ئەندازیارییەکان لە (٣٥) ساڵ زیاتر نەبێت.

## سێیەم:مەرجی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان:

١. کۆنمرەی وەرگرتن بۆ سەرجەم پەروەردەکانی هەرێم وەکو یەك دەبێت ماف و جیاوک ( أمتیاز ) بەهیچ پەروەردەیەك نادرێت بە بیانووی هێنانی کەمی کۆنمرە بۆ قوتابیانی/خوێندکارانی سنوری پارێزگاکان.

٢. خوێندن لە کۆلیژە پزیشکی و ئەندازیارییەکان تەنها بەیانیان دەبێت.

٣. پێویستە فۆرمی وەرگرتن یاخود پێشکەشکردنی وەرگرتن کوالێتی باش بێت و تا مانەوەی قوتابی/خوێندکاری وەرگیراو لە زانکۆ یان پەیمانگە توانای مانەوەی هەبێت.

٤. پێشکەشکردنی داواکاری وەرگرتن لە هەر زانکۆیەك یان پەیمانگەیەک لەدوای پەسەندکردنی پلانی وەرگرتن لەلایەن وەزارەتەوە دەست پێدەکات تا یەك هەفتە دوای دەرچوونی ناوی قوتابیان/خوێندکاران لە ناوەندی وەرگرتن بۆ زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان.

٥. پێش پێدانی فۆرمی وەرگرتن بە قوتابیان/خوێندکاران دەبێت ئاشنا بکرێن بە ڕێنماییەکان و واژۆیان پێ بکرێت، کە ئاشنا کراون بەم ڕێنماییانە و دوای وەرگرتنیان دەبێت هەموو پابەند بوونێکی نێوان زانکۆ یان پەیمانگە و قوتابی/خوێندکار بەروونی و بەشێوەی گرێبەست دیاری بکرێت.

٦. داواکاری وەرگرتن لە ڕێگەی فۆرمی تایبەت دەبێت و ئەم فۆرمە دەنێردرێتە ئەو قوتابخانەیەی کە قوتابی/خوێندکار بڕوانامەی ئامادەیی لێ وەرگرتووە تا نمرەی وانەکانی بۆ دابنرێت و بەڕێوەبەری قوتابخانە/خوێندنگە مۆر و واژۆی لەسەر بکات و لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پەیوەندیدار پەسەند بکرێتەوە پاش دەرچوونی ناوی لە وەزارەت, داوای بڕوانامەی ڕەسەنی لێدەکرێت وە نابێت هێنانی بڕوانامە لە (١٥) ڕۆژ تێپەر بکات.

٧. پەسەندکردنی پلانی وەرگرتنی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەندە بە جێبەجێکردنی گشت بنەماو ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری.

٨. قوتابی/خوێندکاری پێشکەشکار لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان تا دەرچوونی ڕەزامەندی وەرگرتنی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و فەرمانی زانکۆیی وەرگرتنی بۆ دەرنەچێت بە قوتابی/خوێندکاری وەرگیراو ئەژمار ناکرێت.

٩. هەر هەڵەیەك یان ساختەیەك لە فۆرمی وەرگرتن و بڕوانامەی پاڵێوراوان و دۆکیومێنتەکانیان هەبێت یا خوود وەرگرتنەکەی بە دەربێت لە ڕێنماییەکان، زانکۆ یان پەیمانگە وە خودی قوتابی/ خوێندکار بەرپرسیار دەبن و ناوی لە لیستی وەرگیراوان دەکرێتە دەرەوە بەبێ قەرەبوو کردنەوە. هەروەها دوای ئاشکرابوونی لە هەر قۆناغێکی خوێندنیش بێت دابڕانی لە خوێندن بۆ دەکرێت وە ئەگەر خوێندنیشی تەواو کردبێت ئەوا بڕوانامەکەی لێ وەردەگیرێتەوە و لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵدا دەکرێت. پێویستە ئەم خاڵە لە فۆرمی وەرگرتن ئاماژە پێ بکرێت.

١٠. لە ماوەی (٣) ڕۆژ پێویستە قوتابی/خوێندکار ئاگادار بکرێتەوە بە گەڕانەوەی ناوی بۆ ڕاپەڕاندنی مامەڵەی وەرگرتنی وە دەستکردن بە پرۆسەی خوێندن، ئەگەر لەم ماوەیەدا ئامادەنەبوو وەرگرتنەکەی هەڵدەوەشێتەوە و قوتابی/خوێندکاری یەدەگ ئەوانەی پێوەری وەرگرتنیان بەپێی ڕیزبەندی کۆنمرە تێدایە وە بە دادپەروەری دەخرێتە شوێنیان دوای ڕەزامەندی وەزارەت.

١١. هەر هەڵەیەك لە ڕیزبەندی لیستی وەرگیراوانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان هەبێت یان هەر کەسێك بە نادادپەروەری لە لیستی وەرگیراوان دانرابێت ئەوا ناوی دەخرێتە دەرەوە لە لیستەکە و یەکێك لە قوتابی/خوێندکارە یەدەگەکان بەپێی زنجیرەی شایستەبوونی کۆنمرەی دەخرێتە شوێنی دوای ڕەزامەندی وەزارەت.

١٢. بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و ڕەچاوکردنی بنەماکانی دڵنیایی جۆری لە پرۆسەی خوێندن، هەر زانکۆ یان پەیمانگەیەك دەتوانێ ڕێژەی دانراو لە کۆنمرەکان بەرز بکاتەوە لەو کۆنمرانەی لەلایەن وەزارەت بۆ مەرجی وەرگرتن دانراوە.

١٣. پاڵاوتن بۆ وەرگرتنی قوتابی/خوێندکار لە گشت بەشە زانستییەکان لەلایەن زانکۆ و پەیمانگەوە بۆ وەزارەت بەرزدەکرێتەوە و نابێت ناوی قوتابی/خوێندکار لە یەك بەش زیاتر بۆ وەرگرتن بپاڵێورێت.

١٤. خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لە ڕووی دەوام و تاقیکردنەوە بە کردارەکی و ئامادەبوون لەهۆڵی خوێندن دەبێت و بە ئەندامبوون لە دوورەوە یان بەشێوەی سیستەمی خوێندن بە کراوەیی نابێت، وە بەهەموو شێوەیەک ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی لەسەر (١٠٠%) ڕێگا پێنەدراوە.

١٥. ماوەی خوێندن لە زانکۆ تایبەتەکان (٤) ساڵە، دەرچوون لێیان بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی (بەکالۆریۆس) لە بواری پسپۆرییەکەی پێدەبخشرێت و لەگەڵ ڕەچاوکردنی ماوەی خوێندن لە پسپۆرییە پزیشکی و ئەندازەییەکان، وە ڕەچاوکردنی دەرچووانی ئەو زانکۆیانەی کە پەیڕەوی سیستەمی (credit) دەکەن.

١٦. ماوەی خوێندن لە پەیمانگە تایبەتەکان (٢) ساڵە، دەرچوون لێیان بڕوانامەی (دبلۆم)ی لە بواری پسپۆرییەکەی پێدەبخشرێت.

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت
مديرية التعليم الخاص وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

چوارەم: مەرجە تایبەتییەکان بۆ چونە پێشبرکێ وەرگرتن بۆ پۆلی دوانزەی ئامادەیی (زانستی و وێژەیی):

| ژ | بۆ وەرگرتن لە | تێکرای نمرەی پۆلی دوانزە | بەمەرجێك |
|---|---|---|---|
| ١ | بەشی پزیشکی ددان | ٩٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت، کۆنمرەی هەرسێ وانەی زیندەوەرزانی و کیمیا و فیزیا لە (٢٢٥)کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| ٢ | بەشی ئەندازیاری تەلارسازی | ٨٢% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت، کۆنمرەی هەردوو وانەی (فیزیا و بیرکاری)ی لە (١٤٠) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| ٣ | بەشی ئەندازیاری شارستانی | ٨٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت، کۆنمرەی هەردوو وانەی (فیزیا و بیرکاری)ی لە (١٤٠) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| ٤ | بەشی ئەندازیاری نەوت | ٧٧% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت، کۆ نمرەی هەرسێ وانەی (بیرکاری و کیمیا و فیزیا) لە (٢١٠)کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| ٥ | بەشەکانی (ئەندازیاری کۆمپیوتەر و گەیاندن و کۆمپیوتەر، کارەبا، میکانیک، دیزاینی ناوخۆ، ووزە، بەرهەمهێنان، سیستەمی کۆنترۆڵ کردن) | ٧٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت، کۆنمرەی هەردوو وانەی (بیرکاری و فیزیا)ی لە (١٣٥) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦ | بەشی ئەندازیاری ژینگە | ٧٠% كەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت، كۆنمرەی هەرسێ وانەی (زیندەوەرزانی و فیزیا و كیمیا)ی لە (٢٠٠) كەمتر نەبێت لە خولی یەكەم یان دووەم. |
| ٧ | كۆلێژی زانست - بەشەكانی (زانستی كۆمپیوتەر، تەكنەلۆجیای زانیاری، سیستەمی زانیاری، زانستی ژینگە) | ٦٠% كەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت. |
| ٨ | كۆلێژی زانست - بەشەكانی (بایۆلۆجی ، شیكردنەوەی نەخۆشییەكان) | ٦٢% كەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت، نمرەی وانەی زیندەوەرزانی لە (٦٢%) كەمتر نەبێت لە خولی یەكەم یان دووەم |
| ٩ | كۆلێژی زانست بەشی (ماتماتیك) | ٦٠% كەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت، نمرەی وانەی ماتماتیك لە (٦٠%) كەمتر نەبێت لە خولی یەكەم یان دووەم |
| ١٠ | كۆلێژی زانست بەشی (فیزیا) | ٦٠% كەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت، نمرەی وانەی فیزیا لە (٦٠%) كەمتر نەبێت لە خولی یەكەم یان دووەم |
| ١١ | بەشی یاسا | ٦٥% كەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت. |
| ١٢ | بەشەكانی (پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان و دیبلۆماسیەت، پەیوەندیە گشتیەكان، زانستە ڕامیاریەكان، ڕامیاری گشتی، زانستە نێودەولەتیەكان) | ٦٠% كەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت. |
| ١٣ | بەشەكانی (لێكۆڵینەوەی نێودەوڵەتی، لێكۆڵینەوە ئاراستەكراوەكان) | ٥٧% كەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت. |
| ١٤ | بەشی زمانی كوردی | ٦٠% كەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت، نمرەی وانەی زمانی كوردی لە (٦٠%) كەمتر نەبێت لە خولی یەكەم یان دووەم. |
| ١٥ | بەشەكانی (زمانی ئینگلیزی، ئەدەبی ئینگلیزی)، | ٦٠% كەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت، نمرەی وانەی زمانی ئینگلیزی لە (٦٠%) كەمتر نەبێت لە خولی یەكەم یان دووەم. |
| ١٦ | بەشی وەرگێڕان | ٥٨% كەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت، نمرەی وانەی زمانی ئینگلیزی لە (٦٠%) كەمتر نەبێت لە خولی یەكەم یان دووەم. |
| ١٧ | بەشی زمانی عەرەبی | ٦٠% كەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت، نمرەی وانەی زمانی عربی لە (٦٠%) كەمتر نەبێت لە خولی یەكەم یان دووەم. |
| ١٨ | بەشی زمانی فەرەنسی | ٥٥% كەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت. |
| ١٩ | كۆلێژی پەروەردە (بەشی ماتماتیك) | ٦٠% كەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت، نمرەی وانەی بیركاری لە (٦٠%) كەمتر نەبێت لە خولی یەكەم یان دووەم. |
| ٢٠ | كۆلێژی پەروەردە (بەشی فیزیا) | ٦٠% كەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت، نمرەی وانەی فیزیا لە (٦٠%) كەمتر نەبێت لە خولی یەكەم یان دووەم. |
| ٢١ | كۆلێژی پەروەردە (بەشی بایۆلۆجی) | ٦٢% كەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت، نمرەی وانەی زیندەوەرزانی لە (٦٢%) كەمتر نەبێت لە خولی یەكەم یان دووەم. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٢ | بەشی پەروەردەی هونەری شێوەکاری | ٥٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت. |
| ٢٣ | کۆلێژی پەروەردە - بەشەکانی (پەروەردەی گشتی، باخچەی ساوایان) | ٥٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت. |
| ٢٤ | کۆلێژی ئاداب و هونەر (بەشی ڕاگەیاندن) بەشی میدیا و پەیوەندی جیهانی | ٥٨% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت. |
| ٢٥ | بەشی هونەری دیزانی ناوخۆ، هێڵکاری | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت. |
| ٢٦ | کۆلێژی کارگێری و ئابووری – بەشەکانی (ژمێریاری، دارایی و بانک، ئابووری، کارگێری کار، بەرێوەبردنی کار، بەرێوەبردن و ئابووری، کارگێری یاسا، کارگێری تەندروستی، کارگێری و دارایی، ژمێریاری و دارایی بازارگەری، کارگێری ئۆتێلەکان، کارگێری گەشتیاری، کارگێری زانیاری، کارگێری گشتی، میوانداری گەشتوگوزار) | ٥٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت. |
| ٢٧ | کۆلێژی کارگێری و ئابووری – بەشەکانی (ژمێریاری بە تەکنەلۆجیای زانیاری، سیستەمی زانیاری کارگێری) | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت. |
| ٢٨ | پەیمانگە تەکنیکییەکان - بەشەکانی (گەشتوگوزار، ژمێریاری، کارگێری کار، کارگێری یاسا، کارگێری بانکییەکان، کارگێری نەوت و گاز) | ٥٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت. |
| ٢٩ | پەیمانگە تەکنیکییەکان - بەشەکانی (تەکنەلۆجیای زانیاری، زانستی کۆمپیوتەر، کۆمپیوتەر و Network، BIT) | ٥٠% بۆ چوونە پێشبڕکێ | دەرچووی لقی زانستی بێت. |
| ٣٠ | بەشەکانی پەیمانگەی نەوت - (تەکنیکی هەڵکەندن، پاڵاوتنی نەوت و تەکنیکی گاز ، پاڵاوتنی نەوت - کارپێکردن و کۆنترۆڵ) | ٥٠% بۆ چوونە پێشبڕکێ | دەرچووی لقی زانستی بێت. |
| ٣١ | بەشەکانی پەیمانگەی تەکنیکییەکان (زمانی ئینگلیزی) | ٥٠% بۆ چوونە پێشبڕکێ | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت. |

پێنجەم: مەرجە تایبەتییەکان بۆ چونە پێشبرکێ وەرگرتن بۆ دەرچووانی لقە پیشەییەکان:

| ز | بۆ وەرگرتن لە | تێکرای نمرە | بەمەرجێک |
|---|---|---|---|
| ١ | بەشی ئەندازیاری شارستانی | %٩٠ کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی وێنەی ئەندازەیی بێت. |
| ٢ | بەشی ئەندازیاری میکانیک | %٩٠ کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی میکانیک بێت. |
| ٣ | بەشی ئەندازیاری کارەبا | %٨٥ کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبا بێت. |
| ٤ | بەشی ئەندازیاری کۆمپیوتەر | %٨٥ کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی پیشەیی بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری (IT) بێت. |
| ٥ | بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری و بەشی سیستەمی زانیاری | %٧٠ کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی پیشەیی بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری (IT) یان چاککردنەوەی کۆمپیوتەر بێت. |
| ٦ | بەشی ژمێریاری | %٦٠ کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی بازرگانی بێت. |
| ٧ | بەشی دارایی و بانک | %٦٠ کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی بازرگانی بێت. |
| ٨ | کارگێری کار | %٦٠ کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی بازرگانی بێت. |
| ٩ | بەشی تەکنیکی هەڵکەندن لە پەیمانگەی نەوت | %٥٥ کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی میکانیک بێت. |
| ١٠ | پەیمانگە تەکنیکیەکان - بەشەکانی (ژمێریاری، کارگێری بانکییەکان، کارگێری کار، کارگیری بۆ نەوت گاز) | %٥٥ کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی بازرگانی بێت. ڕێژەی (%٣٠) پلانی وەرگرتن بۆ ئەم بەشە دەبێت |
| ١١ | پەیمانگە تەکنیکیەکان - بەشەکانی (تەکنەلۆجیای زانیاری، زانستی کۆمپیوتەر، کۆمپیوتەر و Network) | %٥٥ کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی پیشەیی بەشی (IT) یان چاککردنەوەی کۆمپیوتەر بێت. ڕێژەی (%٣٠) پلانی وەرگرتن بۆ ئەم بەشە دەبێت |
| ١٢ | بەشی (گەشتوگوزار) لە پەیمانگە تەکنیکیەکان | %٥٥ کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی گەشتوگوزار ڕێژەی (%٣٠) پلانی وەرگرتن بۆ ئەم بەشە دەبێت |

تێبینی:

١. دەرچووانی ئامادەیيە پیشەییەکان ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات خوێندنیان تەواو کردووە و بڕوانامەکانیان لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم یەکسانکراوە دەتوانن بۆ بەشی هاوشێوە داواکاری وەرگرتن پێشکەش بکەن. بەڵام ئەگەر پسپۆڕی بڕوانامەکەی ڕوون نەبوو، ئەوا لیژنەی باڵا بڕیار لەسەر بەشی هاوشێوەی دەدات.

٢. قوتابی/خوێندکارانی دەرچووی ئامادەیی لە دەرەوەی وڵات کە بڕوانامەکانیان بە پیشەیی هاوتا دەکرێت لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمەوە، ئەگەر لە (٩) ساڵ و زیاتر بە زمانی ئەو وڵاتە خوێندبوویان کە تیایدا ژیاون، ئەوا لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ هەرێم مافی ئەوەیان هەیە لەو بەشانەی زمان، کە لە دەرەوەی وڵات خوێندنیان پێ تەواو کردووە لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم بخوێنن.

شەشەم: مەرجە تایبەتییەکانی بۆ چوونە پێشبرکێی وەرگرتن بۆ دەرچووانی پەیمانگە پێنج ساڵییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم:

| ز | بۆ وەرگرتن لە | تێکرای نمرە | بەمەرجێك |
|---|---|---|---|
| ١ | بەشەکانی (تەکنەلۆجیای زانیاری، زانستی کۆمپیوتەر) | ٦٥٪ کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی Network یان Programming یان Web Design بێت. |
| ٢ | بەشی هونەرەجوانەکان | ٦٥٪ کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی هونەری شێوەکاری بێت. |
| ٣ | بەشەکانی زمانی ئینگلیزی و وەرگێڕان | ٦٥٪ کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی زمانی ئینگلیزی بێت. |
| ٤ | بەشەکانی ژمێریاری و کارگێری کار | ٦٥٪ کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی کارگێری یان ژمێریاری بێت. |

حەوتەم: مەرجە تایبەتییەکان بۆ چوونە پێشبرکێی وەرگرتن بۆ دەرچووانی پەیمانگە تەکنییەکان:

| ز | بۆ وەرگرتن لە | تێکرای نمرە | بەمەرجێك |
|---|---|---|---|
| ١ | بەشی پزیشکی ددان | ٩٠٪ کەمتر نەبێت | دەرچووی دووەم لەسەر ئاستی هەرێم لە بەشی تەکنیکی ددان بۆ ساڵی دەرچوونی (٢٠١٥ – ٢٠١٦). |
| ٢ | بەشی ئەندازیاری شارستانی | ٨٠٪ کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی بیناکاری بێت. |
| ٢ | بەشی ئەندازیاری میکانیک | ٧٥٪ کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی میکانیک بێت. |
| ٣ | بەشی ئەندازیاری کارەبا | ٧٥٪ کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی کارەبا بێت. |
| ٤ | بەشی ئەندازیاری نەوت | ٨٠٪ کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی تەکنەلۆجیای نەوت بێت. |
| ٥ | بەشی ئەندازیاری کۆمپیوتەر و گەیاندن | ٧٥٪ کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی گەیاندن بێت. |
| ٦ | بەشی ئەندازیاری کۆمپیوتەر | ٧٥٪ کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری (IT) یان سیستەمی زانیاری بێت. |
| ٧ | بەشەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری (IT) و سیستەمی زانیاری | ٦٥٪ کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری بێت. |
| ٨ | بەشی یاسا | ٦٠٪ کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی کارگێری یاسا بێت. |
| ٩ | بەشی شیکردنەوەی نەخۆشییەکان | ٦٠٪ کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی شیکردنەوەی نەخۆشییەکان بێت. |
| ١٠ | بەشی ژمێریاری | کراوەیە | دەرچووی بەشی کارگێری بانکەکان یان بەشی ژمێریاری بێت. |
| ١١ | بەشی دارایی و بانک | کراوەیە | دەرچووی بەشی کارگێری بانکەکان بێت. |
| ١٢ | بەشی کارگێری کار | کراوەیە | دەرچووی بەشی کارگێری بێت. |
| ١٣ | بەشی گەشتوگوزار | کراوەیە | دەرچووی بەشی ڕێبەری گەشتیاری یان بەشی کارگێری دەزگاکانی گەشتیاری بێت. |
| ١٤ | بەشی ڕاگەیاندن | ٦٣٪ کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن بێت. |
| ١٥ | بەشی کارگێری یاسا | کراوەیە | دەرچووی بەشی کارگێری یاسا بێت. |

**هەشتەم: پێدانی نمرە بۆ دەرچووانی لقی زانستی و وێژەیی ئامادەییەکانی هەرێم تەنها بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:**

** هەژمارکردنی ڕێژەیی پۆلی (١٠) و (١١) بە شێوازێکی یەکخراوە لە ئەرکی وەزارەتی پەروەردەدایە وە هەر پێداچوونەوەیەك لەسەر کۆنمرەی ئامادەیی بەرەو رووی وەزارەتی پەروەردە دەکرێتەوە.

١. دەرچووانی پۆلی دوانزە، ئەوانەی کە داواکراون لە (٧) وانە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، ئەگەر لە ساڵی یەکەم و خولی یەکەم دەرچووبن ئەوا (٢١) نمرە دەخرێتە سەر کۆنمرەکەیان.

٢. دەرچووانی پۆلی دوانزە، ئەوانەی کە داواکراون لە (٧) وانە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، ئەگەر لە ساڵی یەکەم و خولی دووەم دەرچووبن ئەوا (٧) نمرە دەخرێتە سەر کۆنمرەکەیان.

٣. دەرچووانی پۆلی دوانزە، ئەوانەی کە داواکراون لە (٦) وانە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، ئەگەر لە ساڵی یەکەم و خولی یەکەم دەرچووبن ئەوا (١٤) نمرە دەخرێتە سەر کۆنمرەکەیان. (ئەو قوتابی/خوێندکارانە دەگرێتەوە کە لە یەک وانە بەخشراون بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە).

٤. دەرچووانی پۆلی دوانزە، ئەوانەی کە داواکراون لە (٥) وانە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، ئەگەر لە ساڵی یەکەم و خولی یەکەم دەرچووبن ئەوا (٧) نمرە دەخرێتە سەر کۆنمرەکەیان. (ئەو قوتابی/خوێندکارانە دەگرێتەوە کە لە دوو وانە بەخشراون بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە).

٥. هیچ نمرە ناخرێتە سەر کۆنمرەی دەرچووانی پۆلی دوانزە، ئەوانەی کە داواکراون لە (٦) وانە یان (٥) وانە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، ئەگەر لە ساڵی یەکەم و خولی دووەم دەرچووبن. (ئەو قوتابی/خوێندکارانە دەگرێتەوە کە لە یەک یان دوو وانە بەخشراون بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە).

٦. دەرچووانی پۆلی دوانزە، ئەوانەی کە داواکراون لە (٧) وانە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، بەلام یەك وانە (مستوفین)واتە لەو وانەیە تەنها دەردەچن بەبێ هەژمارکردنی نمرەکەی لەسەر کۆنمرەی گشتی ئەگەر لە ساڵی یەکەم و خولی یەکەم دەرچووبن ئەوا (١٨) نمرە دەخرێتە سەر کۆنمرەکەیان ، وە ئەگەر لە ساڵی یەکەم و خولی دووەم دەرچووبن ئەوا (٦) نمرە دەخرێتە سەر کۆنمرەکەیان، وە ئەگەر لە ساڵی دووەم یان زیاتر دەرچووبێت بە هەردوو خولی یەکەم و دووەم ئەوا کۆنمرەکەی وەکو خۆی دەمێنێتەوە، واتە هیچ نمرەیەک وەرناگرێ و هیچ نمرەیەکیشی لێ نابڕدرێت.

٧. دەرچووانی پۆلی دوانزە، ئەوانەی کە داواکراون لە (٧) وانە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، بەلام دوو وانە (مستوفین) واتە لەو وانەیە تەنها دەردەچن بەبێ هەژمارکردنی نمرەکەی لەسەر کۆنمرەی گشتی ئەگەر لە ساڵی یەکەم و خولی یەکەم دەرچووبن ئەوا (١٥) نمرە دەخرێتە سەر کۆنمرەکەیان ، وە ئەگەر لە ساڵی یەکەم و خولی دووەم دەرچووبن ئەوا (٥) نمرە دەخرێتە سەر کۆنمرەکەیان، وە ئەگەر لە ساڵی دووەم یان زیاتر دەرچووبێت بە هەردوو خولی یەکەم و دووەم ئەوا کۆنمرەکەی وەکو خۆی دەمێنێتەوە، واتە هیچ نمرەیەک وەرناگرێت و هیچ نمرەیەکیشی لێ نابڕدرێت.

٨. دەرچووی پۆلی دوانزە، ئەگەر لە ساڵی دووەم یان زیاتر دەرچووبێت بە هەردوو خولی یەکەم و دووەم ئەوا کۆنمرەکەی وەکو خۆی دەمێنێتەوە، واتە هیچ نمرەیەک وەرناگرێ و هیچ نمرەیەکیشی لێ نابڕدرێت.

٩. بۆ دەرچووانی ساڵی یەکەم و خولی یەکەم لە هەردوو لقەکانی زانستی و وێژەیی قوتابخانە/ خوێندنگەکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و ئەوانەی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمن تاقیکردنەوەی شەشی ئامادەییان بەپێی سیستمی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە بەپێی هەمان پرسیار و پێوەر (٢١) نمرەیان پێ دەبەخشرێت ئەوانەی ژمارەی وانەکانیان (٧) وانەیە. بۆ دەرچووانی ساڵی یەکەم خولی دووەم (٧) نمرەیە، سەبارەت بە ئەوانەی وانەکانیان لە (٧) وانە کەمترە بە پێی خاڵەکانی سەرەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت.

١٠. قوتابی/خوێندکاری پێشکەشکار بۆ زانکۆو پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان کە تاقیکردنەوەی دەرەکییان ئەنجامداوە، لە ناوەوەی هەرێم یاخود دەرەوەی هەرێم، هیچ نمرەی بەخشراویان پێ نادرێت.

**خشتەی (١): بەخشینی نمرە بە دەرچووانی لقی زانستی و وێژەیی ئامادەییەکان**

| ژ | وانەی داواکراو بۆ تاقیکردنەوە | ساڵی دەرچوون | خولی دەرچوون | نمرەی بەخشراو |
|---|---|---|---|---|
| -١ | ٧ وانە (هیچ وانەیەک نەبەخشراوە) | یەکەم | یەکەم | ٢١ نمرە |
| | | یەکەم | دووەم | ٧ نمرە |
| | | دووەم یان زیاتر | یەکەم یان دووەم | هیچ نمرە وەرناگرێت |
| -٢ | ٦ وانە (یەک وانە بەخشراوە) | یەکەم | یەکەم | ١٤ نمرە |
| | | یەکەم | دووەم | هیچ نمرە وەرناگرێت |
| | | دووەم یان زیاتر | یەکەم یان دووەم | هیچ نمرە وەرناگرێت |
| -٣ | ٥ وانە (دوو وانە بەخشراوە) | یەکەم | یەکەم | ٧ نمرە |
| | | یەکەم | دووەم | هیچ نمرە وەرناگرێت |
| | | دووەم یان زیاتر | یەکەم یان دووەم | هیچ نمرە وەرناگرێت |
| -٤ | ٦ وانە (یەک وانە "مستوفی") | یەکەم | یەکەم | ١٨ نمرە |
| | | یەکەم | دووەم | ٦ نمرە |
| | | دووەم یان زیاتر | یەکەم یان دووەم | هیچ نمرە وەرناگرێت |
| -٥ | ٥ وانە (دوو وانە "مستوفی") | یەکەم | یەکەم | ١٥ نمرە |
| | | یەکەم | دووەم | ٥ نمرە |
| | | دووەم یان زیاتر | یەکەم یان دووەم | هیچ نمرە وەرناگرێت |

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت
مديرية التعليم الخاص
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

## نۆیەم: ڕاستاندنی بڕوانامەکان:

١. هەر قوتابی/خوێندکارێك دانیشتووی پارێزگەکانی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بێت بڕوانامەی ئامادەیی لە دەرەوەی هەرێم بە دەست هێنا بێت چ بە دەوام کردن بێت یاخود تاقیکردنەوەی دەرەکی بێت ناوی لە لیستی وەرگیراوان لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان هەبوو ناوەکەی دەخرێتە دەرەوە وە مافی قەرەبوو کردنەوەی نابێت.

٢. وەرگرتنی کۆتایی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەندە بە پێشکەشکردنی بڕوانامەی ڕەسەنی ئامادەیی یان پەیمانگە یان بڕیاری بەرابەرکردنی بڕوانامە لەلایەن قوتابی/خوێندکار کە بەهۆیەوە داوای وەرگرتن پێشکەش دەکات.

٣. ئەوانەی بڕوانامەکانیان لە دەرەوەی وڵات بەدەست هێناوە دەبێت پێش پێشکەشکردنی داواکاری وەرگرتن، بڕوانامەکانیان بەرابەر کرابێت لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم.

٤. ئەو قوتابی/خوێندکارانەی دەرەوەی وڵات کە داواکاری وەرگرتن پێشکەش بەو بەشانە دەکەن کە وانەی "مفاضلە"یان هەیە، پێویستە لەگەڵ پێشکەشکردن، نمرەی ئەو وانانە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە دیاری بکەن.

٥. بڕوانامەی دەرچوون لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەهیچ قوتابی/خوێندکارێك نادرێت ئەگەر پێشتر ڕاستی و دروستی (صحە الصدور) بۆ بڕوانامە ئامادەییەکەی لە وەزارەتی پەروەردەی عێراقی فیدراڵ یان هەرێم بۆ نەکرابێت، کە پێویستە ئەم ڕاستاندنە بە نوسراوی نهێنی ئەنجامبدرێت.

٦. هیچ بڕوانامەیەکی ئامادەیی لە قوتابیان/خوێندکاران لە کاتی وەرگرتنیان وەرناگیرێت ئەگەر بڕوانامەکە بە فەرمی ئاڕاستەی ئەو زانکۆیە نەکرابێت کە لێی وەرگیراوە.

٧. دەرچووانی ئامادەیی شارەکانی دەرەوەی هەرێم کە دانیشتووی ناوەڕاست و باشووری عێراقن, دەبێت بڕوانامەکانیان لە ڕێگەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستییەوە، لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ ڕاستاندنی بۆ بکرێت.

٨. هیچ قوتابی/خوێندکارێك پاش دەرچوونی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان دان بە بڕوانامەکەی نانرێت، ئەگەر فەرمانی وەزاری وەرگرتن (القبول) و فەرمانی زانکۆیی دەرچوونی (التخرج) بۆ دەرنەچوو بێت بە پێ ی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

٩. بڕوانامەی دەرچوونی قوتابی/خوێندکار پێویستە مۆری زانکۆ یان پەیمانگەی لەسەر بێت، هەروەها واژووی هەر یەك لە (فەرمانبەری ئامادەکار، بەرپرسی تۆماری زانکۆ، سەرۆکی بەش، ڕاگری کۆلێژ یان پەیمانگە، سەرۆکی زانکۆ) لەسەر بڕوانامەکە هەبێت، بەپێچەوانەوە پەسند ناکرێت.

١٠. پەسندکردنی بڕوانامەکە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لە ڕوانگەی مادەی (٢٥) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣) دەبێت بە دانانی خانەیەك بۆ پەسەند کردنی وەزارەت.

١١. هەر قوتابی/خوێندکارێک مافی وەرگرتنی یەک وێنە لە بڕوانامەی دەرچوونی بە نمرەی بە زمانەکانی (کوردی ، عەرەبی، ئینگلیزی) هەیە بە خۆرایی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان. پێویستە گشت نووسینەکانی سەر کلێشەی بڕوانامەکە بەو زمانە بێت کە دەرچووان داوای دەکەن، نەوەک لە هەمان کلێشەی بڕوانامەدا زمانی جیاجیا هەبێت. بەڵام لەکاتی داواکردنی وێنەی دووەم یاخود زیاتر لە بڕوانامەی بە نمرە بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) لەلایەن دەرچووانەوە، ئەوا زانکۆ یان پەیمانگە دەتوانێت بڕێک پارە بۆ هەر بڕوانامەیەکی بە نمرە وەربگرێت بە مەرجێک لە (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار زیاتر نەبێت.

١٢. لە بەرامبەر وەرگرتنی بڕوانامەی دەرچوونی (جداری) زانکۆو یان پەیمانگە نابێت هیچ بڕە پارەیەك لە دەرچووانی وەربگرێت.

١٣. لەکاتی پێدانی بڕوانامەی بەنمرە یان پشتگیری دەرچوون بە قوتابیان/خوێندکاران پێویستە بە ڕوونی ئاماژە بە ڕێکەوتی دەرچوونیان بکرێت.

١٤. لەکاتی پەسەندکردنی بڕوانامەی بەنمرە یان پشتگیری دەرچوون لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، پێویستە ئەم بەڵگەنامانەی لەگەڵدابێت (ئەو بڕوانامەیەی کە پێی لە زانکۆ و پەیمانگە وەرگیراوە، فەرمانی وەزاریی وەرگرتن و فەرمانی زانکۆیی دەرچوون)، کە دەبێت لەلایەن نوێنەری زانکۆ یاخود پەیمانگەوە بهێندرێتە وەزارەت بە مەرجێک پارەی پەسەند کردنەکە بدات، یاخود هەر دەرچوویێک دەتوانێت بە تاک بڕوانامەی خۆی بهێنێت بۆ وەزارەت بە مەبەستی پەسەندکردن .

١٥. هەر کەسێك بڕوانامەی ساختە (مزور) پێشکەش بە زانکۆ یان پەیمانگە بکات بۆ وەرگرتن، پاش ئاشکرابوونی لە هەر قۆناغێکی خوێندن بێت لە خوێندن دادەبڕێنرێت وە ئەگەر دەرچووبێت بڕوانامەکەی لێ وەردەگرێتەوە و بێ قەرەبووکردنەوە. وە ڕێوشوێنی پێویست بۆ لێپرسینەوەی یاسایی لەبەرامبەر دەگیرێتەبەر و وێنەیەك لە بڕوانامە ساختەکەی دەدرێتە داواکاری گشتی، وە پێویستە زانکۆ یان پەیمانگەی پەیوەندیدار بەدواداچوون لەسەر بابەتەکە بکات و گشتاندن بە بڕوانامە ساختەکەی دەکرێت بۆ سەرجەم وەزارەت ودەزگاو دامەزراوەو سەندیکاکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیان لەم بابەتە.

١٦. ئەو قوتابی/خوێندکارە پێشکەشکارانەی بڕوانامەی ئامادەیی لقی زانستی و وێژەیی و پیشەیی یان پەیمانگە تەکنیکییە حکومییەکانیان لە ناوەڕاست و باشوری عێراق و دەرەوەی عێراق بەدەست دێنن هەمان ماف و ئیمتیازاتی دەرچووانی هەرێمی کوردستانیان دەبێت بۆ وەرگرتن لە زانکۆ تایبەتەکان، جگە لە پێدانی ئەو نمرانەی کە دەدرێن بەدەرچووانی ئامادەیی هەرێم لە خولی یەکەم یان خولی دووەم لە ساڵی یەکەمدا.

## دەیەم- کارە کارگێرییەکان:

١. مەرجە بۆ ئەوانەی فەرمانبەرن کە دەوامەکانیان هاوکاتە لەگەڵ دەوامی خوێندنیان مۆڵەتی خوێندن لە فەرمانگەی خۆیان وەربگرن، بە پێچەوانەوە لەکاتی دەرچوونیان لە زانکۆکەیان ئەگەر دەوامی فەرمانگەکەی هاوکات بوو لەگەڵ دەوامی زانکۆ یان پەیمانگەکەی ئەوا بڕوانامەکەی لەلایەن وەزارەتەوە پەسەند ناکرێت.

٢. بۆ هەر قوتابی/خوێندکارێك دۆسیەیەك دەکرێتەوە و دەبێت سەرجەم بەڵگەنامەکان لە خۆبگرێت، بەتایبەتی بڕوانامە و فەرمانی وەزاری و زانکۆیی یان کارگێری وەرگرتن و تێکرای بەڵگەنامە پێویستەکانی دیکە.

٣. پێویستە زانکۆ یان پەیمانگە داوای پشکنینی پزیشکی لە قوتابی/خوێندکار بکات بەو شێوەیەی کە لە زانکۆ حکومییەکان پەیڕەو دەکرێت.

٤. پێویستە زانکۆکان هەموو دۆسییەکانی پەیوەست بە پرۆسەی خوێندنی هەبێت.

٥. نابێ قوتابی/خوێندکار دەست بەدەوامی فەرمی بکات تاکو ڕەزامەندی وەرگرتنی لەلایەن وەزارەتەوە بۆ دەرنەچێت، هەر دەوامێکی بەدەر لەم شێوەیە بە نایاسایی لە قەڵەم دەدرێت, پێویستە زانکۆ فەرمانی وەزاری وەرگرتنی قوتابی/خوێندکار لە تابلۆی ئاگاداری قوتابی/ خوێندکاران هەڵبواسێ بۆ دڵنیابوون و ئاگاداربوونەوە لە دەرچوونی ناوەکان.

٦. پێویستە زانکۆ سەرجەم یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لە تابلۆی ئاگادارییەکان وە سایتی تایبەت بە زانکۆ یان پەیمانگە بڵاوبکاتەوە.

٧. ڕێکارە کارگێڕییەکانی وەرگرتن بەڕیزبەند بەم شێوەیەی خوارەوە دەست پێ دەکات و ناکرێت ئەم ڕیزبەندیە بەزێنرێت یان سەرپێچی لێبکرێت:

أ. پەسندکردنی پلانی وەرگرتن لەلایەن وەزارەت.
ب. پێشکەشکردنی داواکاری وەرگرتن لەلایەن قوتابیان/خوێندکاران.
پ. ناردنی لیستی ناوی پاڵێوراوان بەپێی پلان و ڕێنماییەکانی وەرگرتن بۆ وەزارەت.
ج. دەرکردنی نووسراوی ڕەزامەندی وەرگرتنی بەرایی لەلایەن وەزارەت.
د. ئەنجامدانی گرێبەست لە نێوان زانکۆ و قوتابی/خوێندکار.
ه. وەرگرتنی قستی یەکەمی کرێی خوێندن.
و. دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی یان فەرمانی کارگێری بە وەرگرتنی قوتابیان/خوێندکاران.
ز. دەرکردنی فەرمانی وەزاری بە وەرگرتنی کۆتایی قوتابیان/خوێندکاران.

٨. پێویستە زانکۆ یان پەیمانگە مۆری تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت لە سەر هەموو بەڵگەنامە دەرچووەکان لەلایەن خۆیەوە هەروەها پێویستە گرێبەست کردن لەگەڵ قوتابی/خوێندکار واژۆکراو و مۆرکراو بێت.

٩. قوتابی/خوێندکار پاش دەرچوونی ڕەزامەندی وەرگرتنی لە وەزارەت پێویستە لە ماوەی سێ ڕۆژ پەیوەندی بە زانکۆ یان پەیمانگەکەی بکات و گرێبەست مۆر بکات، بە پێچەوانەوە، زانکۆ بۆی هەیە لە خوێندن بێ بەشی بکات. لەو ماوەیەشدا، پێویستە زانکۆ یان پەیمانگە بە لیست ناوی هەڵوەشانەوەی وەرگرتن بۆ وەزارەت بنێردرێت.

١٠. زانكۆ و پەیمانگاكان دەتوانن سوود لە ڕێنمایی تاقیكردنەوە و ڕێكاری قوتابیان/خوێندكاران ژمارە (١) و (٢) وەربگرن، بە لەبەرچاوگرتنی سیستمی خوێندن و تایبەتمەندی هەر زانكۆیەكی تایبەت.

١١. زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان پابەند دەبن بە سەرجەم خاڵەكانی ڕێنماییەكانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری و زانستخوازی بەردەوام و تەندروستی و سەلامەتی.

١٢. لەسەر زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان پێویستە زۆر بە ووردی یاسا و ڕێنماییەكان جێبەجێ بكەن و، بەهیچ شێوەیەك هەڵاوێركردن (إستثناء) و بەزاندنی یاسا و ڕێنماییەكان بەهەر پاساوێك بێت ڕێگەی پێ نادرێت.

١٣. لەكاتی بوونی دووانە (التوأمة) لە نێوان زانكۆیەكی خۆماڵی و زانكۆیەكی دەرەوە، ڕەچاوی ڕەزامەندی و ئەو مەرجانە دەكرێت، كە لە لایەن وەزارەتەوە دەخرێتە سەر زانكۆكە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی كاركردن.

١٤. سالانە فۆرمی وەرگرتن و گرێبەستی نێوان قوتابی/خوێندكار و زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان دەنێردرێت بۆ وەزارەت بەمەبەستی پەسەندكردنی دواتر كاری پێدەكرێت.

١٥. بۆ هەر حاڵەتێكی تر كە لە برگەكانی سەرەوە دا ئاماژەی پێنەكراوە، ڕەچاوی مەرج و ڕێنماییەكانی زانكۆ حكومییەكان دەكرێت، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی خوێندن لە هەر زانكۆیەكی تایبەت.

١٦. پێویست زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان لەگەڵ دەستپێكردنی هەر كۆرسێكی خوێندن ئاماری قوتابیان/خوێندكاران و ستافی مامۆستایان و وانەبێژان و كارمەندان بنێرن بۆ هۆبەی ئاماری زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان لە وەزارەتمان.

## پانزەیەم- ڕێنمایە داراییەكان:

١. هەر لێخۆشبونێك لە كرێی خوێندنی قوتابی/خوێندكار پێویستە ڕەزامەندی وەزارەتی پێ وەرگیرابێت.

٢. سالانە پێداچونەوەی نرخەكانی خوێندن لەسەرجەم زانكۆ تایبەتەكان دەكرێت پالپشت بەبڕگەی (٦) لە مادەی (١٢) ی یاسای ژمارە (٢) سالی (٢٠١٣) .

٣. وەرگرتنی پارەی سالانەی كرێی خوێندنی قوتابی/خوێندكار بە گرێبەست دیاری بكرێت پاش ڕەزامەندی وەزارەت لەسەر كرێیەكە.

٤. سزادانی قوتابی/خوێندكار بە پارە بەهۆی دواكەوتنی قستی كرێی خوێندن ڕێگەی پێنەدراوە و زانكۆ یان پەیمانگە دەتوانێ قوتابی/خوێندكاری قەرزدار ئاگادار بكاتەوە تا لە ماوەیەكی دیاری كراو قیستەكە بدات.

٥. بۆ زانكۆ یان پەیمانگە نییە پارە لە قوتابی/خوێندكاری قوناغی یەكەم وەربگرێت تا فەرمانی وەزاری و زانكۆیی بە وەرگرتنی بۆ دەرنەچێت.

٦. كردنەوەی خولی بە پارە لە ناو زانكۆ یان پەیمانگە ڕێگە پێنەدراوە، جگە لە خوێندنی بەرایی (التمهيدی) و كردنەوەی خولی زمانەوانی، كۆمپیوتەر، بەمەرجێك پێش وەخت ڕەزامەندی وەزارەتی لەسەر وەرگیرابێت و ڕێگەی پێ درابێت. ئەم خولانە دەبێ بۆ خودی قوتابیان/خوێندكارانی زانكۆكە بێت.

٧. نابێت نرخی فۆرمی پێشكەشكردن و ڕێبەر و تۆماركردن بۆ وەرگرتنی قوتابی/خوێندكار لە (٢٠٠٠) دوو هەزار دیناری عێراقی زیاتر بێت وە بە پسولەی فەرمی (وصل) ئەو پارەیە وەربگیرێت.

٨. داواكاری بۆ سكاڵا و دواخستنی خوێندن بێ بەرامبەر دەبێت.

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مديرية التعليم الخاص
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت

٩. پارەی "تانەدان" بۆ پێداچونەوە لە تاقیکردنەوەکان نابێت لە (١٠٠٠) یەک هەزار دینار زیاتربێت بۆ هەر وانەیەک.

١٠. وەرگرتنی پارە لە قوتابی/خوێندکار بۆ دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەی وەرزی و کۆتایی ساڵ ڕێگە پێنەدراوە.

١١. وەرگرتنی پارە لە قوتابی/خوێندکار بەرامبەر ئاراستەکردنی نووسراو بۆ هەر شوێنێکی تری دەرەوەی زانکۆ ڕێگە پێنەدراوە.

١٢. کرێی خوێندن بریتی دەبێت لە پێشکەشکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی پرۆسەی خوێندن و سەرجەم ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لە کاتی پرۆسەکە پێشکەش بە قوتابی/خوێندکار دەکرێت، بۆ ئەوەی پرۆسەکە سەرکەوتوو بێت و بنەماکانی دڵنیایی جۆری تێدا بەرجەستە بکرێت، بۆیە ڕێگە نادرێت جگە لە کرێی خوێندن، هیچ بڕە پارەیەکی تر لە قوتابی/خوێندکار وەربگیرێت لەبەرامبەر بەکارهێنانی ئینتەرنێت و دروستکردنی ئەژماری ئەلیکترۆنی، یاخود دابینکردنی کەلوپەل بۆ تاقیگە پزیشکیەکان و تاقیگەی پسپۆڕیەکانی تر و پێدانی شوێنی وەستانی ئوتومۆبێل، یاخود ناسنامەی زانکۆ یان پەیمانگە.

١٣. زانکۆ بۆی هەیە لەکاتی دواخستنی ساڵی خوێندنی قوتابی/خوێندکار بەهەر هۆیەك بێت بڕە پارەیەك لە قوتابی/خوێندکار وەربگرێت بەمەرجێك لە (٣٠%)ی کرێی خوێندنی ساڵانەی تێپەڕ نەکات وە بۆ ساڵی داهاتووش لەکاتی گەڕانەوەی قوتابی/خوێندکارەکە نابێت وەرگرتنی کرێی خوێندن لە (٧٠%) تێپەڕ بکات.

١٤. ئەگەر خانەوادەیەک دوو قوتابی/خوێندکاری هەبێت چ خوشک و برا یان چ خوشک و خوشک یاخود برا و برا یاخود ژن و مێرد و منداڵ لە یەک کاتدا پێکەوە لە زانکۆ یان پەیمانگەیەکی تایبەت هەبێت ئەوا قوتابی/خوێندکاری یەکەم تەواوی کرێی خوێدن دەدات و قوتابی/خوێندکاری دووەم نیوەی کرێی خوێندنەکە (٥٠%) دەدات. ئەگەر بوون بە سێ قوتابی/خوێندکار ئەوا دوو قوتابی/خوێندکاریان پارەی تەواوی کرێی خوێندیان دەدەن و قوتابی/خوێ،دکاری سێیەم خوێندنەکەی بەخۆڕایی دەبێت. وە ئەگەر بوون بە چوار یان زیاتر ئەوا بەهەمان شێوە تەنها یەک قوتابی/خوێندکاریان خوێندنەکەی بەخۆڕایی دەبێت. لە کاتێکدا قوتابی/خوێندکارێکیان دابڕێندرا لە خوێندن، ئەوا بەهەمان شێوە ژمارەی قوتابی/خوێندکاری ماوە پاش دابڕاندن، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردووە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت.

١٥. پێویستە ساڵانە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پاکانەی باجی دەرامەت بەپێی ڕێنماییە داراییەکان پەیڕەو بکات.

١٦. زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پێویستە پابەندبن بە جێبەجێکردنی گشت بڕگەکانی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٦).

١٧. زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پێویستە پابەندبن بە جێبەجێکردنی گشت خاڵەکانی فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٧٩٧٣) لە (٢٠١٦/٥/٢٤) کە تایبەتە بە سزای پێبژاردن (غرامە) لەبەرامبەر هەر سەرپێچییەک لە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان.

## دوانزەیەم: ڕێنماییەکانی گواستنەوەی خوێندنی قوتابیان/ خوێندکاران:

- **پێوەرە گشتییەکانی گواستنەوە :**

١. لەبەرئەوەی قوتابیان/ خوێندکاران بەخواستی خۆیان دەستنیشانی زانکۆ یان پەیمانگا دەکەن کە دەیانەوێت لێی بخوێنن، بۆیە گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە نێوان زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم سنوردار دەبێت.

٢. مەرجە ڕەزامەندی هەردوو زانکۆ بەدەست بێنێت بۆ گواستنەوە.

٣. گواستنەوە لە سەرەتای مانگی تەمموز (٧/١) دەست پێ دەکات تا سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم (١٠/١) .

٤. گواستنەوە تەنها دوای قۆناغی یەکەم دەبێت.

٥. میوانداری لە زانکۆ تایبەتەکان ڕێگەپێنەدراوە بۆ قوتابیان/خوێندکارانی ناوەوە و دەرەوەی عێراق.

٦. گواستنەوە و میوانداری لە زانکۆ تایبەتەکان بۆ زانکۆ حکومیەکان ڕێگە پێنەدراوە.

٧. قوتابی/خوێندکار بۆی هەیە خوێندنەکەی لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم بگوازرێتەوە بۆ زانکۆ تایبەتەکانی دەرەوەی هەرێم و عێراق لەهەمان پسپۆڕی خۆی بەمەرجێك ئەو زانکۆیەی بۆی دەچێ باوەڕپێکراو بێت.

٨. پێویستە کۆنمرەی ئامادەیی قوتابی/خوێندکار هەمان کۆنمرەی وەرگیراو بێت لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی وەرگرتنی.

٩. تەنها گواستنەوە بۆ بەشی هاوشێوە دەکرێت.

١٠. دابەزین لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی دیکە لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان ڕێگەپێنەدراوە، ئەگەر قوتابی/خوێندکار ویستی بەشەکەی بگۆڕێت پێویستە هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنی لەو بەشەی وەرگیراوە بۆ بکرێت و بەپێی مەرج و ڕێنماییەکانی وەرگرتن بچێتەوە پێشبرکێی وەرگرتن لەو بەشەی دەیەوێت بخوێنێت بە مەرجێک لە فۆرمی پێشکەشکردن ئاماژەی پێکردبێت.

١١. لەگەڵ ناردنی دۆکیومێنتی گواستنەوە پێویستە ئاماژە بە ڕێژەی ئامادە نەبوونی گشتی و هەر وانەیەک بە تەنیا بکرێت .

**أ: گواستنەوە لە نێوان زانکۆ تایبەتەکانی هەمان پارێزگا لە هەرێم:-**

گواستنەوەی قوتابی/ خوێندکار لە زانکۆکانی هەمان پارێزگا ناکرێت، تەنها بۆ ئەم حاڵەتانەی خوارەوە ڕێگەپێدراوە:-

١. نەمانی یاخوود هەڵپەساردنی وەرگرتن لە بەشەکەی یان زانکۆ یاخود پەیمانگەکەی .

٢. بڕیاری لێژنەی بەرزەفتکردن بە گواستنەوەی قوتابی/خوێندکار لە کاتی سەرپێچیکردنی بەهەر هۆیەك .

٣. گواستنەوەی قوتابی/خوێندکار لە زانکۆ حکومییەکان بۆ زانکۆ تایبەتەکان ئاساییە بەڕەچاوکردنی کۆنمرەکەی کە دەبێت هاوتابێت لەگەڵ ئەو کۆنمرەیەی کە لەساڵی وەرگرتنی لە پسپۆڕییەکەی وەرگیراوە وە نوسراوی لاری نەبوونی هەردوو زانکۆ و ئەنجامدانی پێوانەی زانستی (المقاصه العلميه) بکات.

**ب: گواستنەوەی قوتابی/خوێندکار لە نێوان زانکۆ تایبەتەکانی شارە جیاجیاکانی هەرێم لەم حاڵەتانەی خوارەوە دەکرێت:**

١. گواستنەوەی خانەوادەی قوتابی/خوێندکار بۆ پارێزگایەکی تری هەرێم بە پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی فەرمی.

٢. گواستنەوەی شوێنی کاری قوتابی/خوێندکار ئەگەر فەرمانبەر بوو، یان بەخێوکاری (ولی أمر) ئەگەر فەرمانبەر بوو بە پێشکەشکردنی بەڵگە.

٣. هاوسەرگیریکردنی قوتابی / خوێندکار لە پارێزگایەکی تر.

٤. وەفاتی بەخێوکاری (ولی أمر) قوتابی / خوێندکار.

٥. نەخۆشی درێژ خایەن بە پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی پزیشکی پەسەندکراو.

ج: گواستنەوەی قوتابیان/خوێندکاران لە زانکۆکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق بۆ زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان:

١. گواستنەوە لەسەرووی قۆناغی یەکەم دەبێت .

٢. هەمان مەرج و ڕێنماییەکانی وەرگرتنی قوتابیان/خوێندکارانی هەرێمی کوردستان لەسەر دەرچووانی ناوەڕاست و باشووری عێراق جێبەجێ دەکرێت لە ڕووی کۆنمرە، جگە لەو (٢١) نمرەیەی کە دەبەخشرێت بۆ قوتابیان/خوێندکارانی هەرێم کە دەرچووی ساڵی یەکەم و خولی یەکەم، لەگەڵ ئەو (٧) نمرەیەی کە دەدرێت بە دەرچووانی ساڵی یەکەم خولی دووەم بۆ دەرچووانی ساڵی تازەی خوێندن.

٣. پێویستە ئەو زانکۆیەی کە قوتابی /خوێندکار لێی دەخوێنێ باوەڕپێکراو بێت .

٤. پێویستە کۆنمرەی هاوتا بێت لەگەڵ ئەو کۆنمرەیەی کە قوتابیانی هەرێم پێی وەرگیراون لە ساڵی وەرگرتنیدا .

٥. پێوانەی زانستی (المقاصە العلمیە)یەی بۆ بکرێت بە پێی ڕێنماییەکان .

٦. لاری نەبوونی گواستنەوەی هەردوو زانکۆ بەدەست بێنێت.

د: گواستنەوەی خوێندنی قوتابیان/خوێندکارانی دەرەوەی وولات بۆ زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم:

١- گواستنەوە لەسەروی قۆناغی یەکەم دەبێت .

٢- هەمان مەرج و ڕێنماییەکانی وەرگرتنی قوتابیان/خوێندکارانی هەرێمی لەسەر جێبەجێ دەکرێت لە رووی کۆنمرە، جگە لەو (٢١) نمرەیەی کە دەبەخشرێت بۆ قوتابیان/خوێندکارانی هەرێم کە دەرچووی ساڵی یەکەمن و خولی یەکەم، لەگەڵ ئەو (٧) نمرەیەی کە دەدرێت بە دەرچووانی ساڵی یەکەم و خولی دووەم .

٣- پێویستە ئەو زانکۆیەی کە قوتابی /خوێندکار لێی دەخوێنێ باوەڕپێکراو بێت و ناوی لە لیستی زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ هەبێت.

٤- پێویستە کۆنمرەی هاوتا بێت لەگەڵ ئەو کۆنمرەیەی کە قوتابیانی هەرێم پێی وەرگیراون لە ساڵی وەرگرتنی ئەگەر دەرچووی ئامادەییەکانی هەرێم و عێراق نەبێت.

٥- پێوانەی زانستی بۆ بکرێت بە پێی ڕێنماییەکان .

٦- لارینەبوونی گواستنەوەی هەردوو زانکۆ بەدەست بێنێت، لارینەبوونەکە و نمرەکانی کۆرسەکان لە باڵوێزخانەی عێراق و وەزارەتی دەرەوەی ئەو وولاتەی کە لێی دەخوێنێت پەسەند کرابێت .

٧- بۆ هەموو برگەکانی گواستنەوە لەناوەوە و دەرەوەی عێراق و هەرێم پێویستە ڕەچاوی ڕێنماییەکانی (المقاصە والتحمیل) بکرێت کە لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان پەیرەو دەکرێت.

## سێنزەیەم: میکانیزمی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکان:

أ- پلانی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکان

| ژ | بەشەکان | پلانی وەرگرتن |
|---|---|---|
| ١ | بەشی پزیشکی ددان | ٥٠ |
| ٢ | بەشی ئەندازیاری تەلارسازی | ٥٠ |
| ٣ | بەشی ئەندازیاری شارستانی , نەوت کۆمپیوتەر و گەیاندن , کۆمپیوتەر، کارەبا، میکانیک، دیزاینی ناوخۆ , ژینگە، ووزە، بەرهەمهینان، سیستەمی کۆنترۆڵ کردن. | ٧٥ |
| ٤ | بەشەکانی کۆلیژی زانست (زانستی کۆمپیوتەر، تەکنەلۆجیای زانیاری، سیستەمی زانیاری، بایۆلۆجی، ماتماتیک، فیزیاو شیکردنەوەی نەخۆشییەکان) | ٨٠ |
| ٥ | بەشی یاسا | ١٠٠ |
| ٦ | بەشەکانی (پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیبلۆماسیەت، لێکۆلینەوەی نێودەوڵەتی، پەیوەندیە گشتیەکان و زانستە ڕامیاریەکان، لێکۆلینەوە ئاراستەکراوەکان، رامیاری گشتی، زانستە نێودەوڵەتییەکان) | ١٢٠ |
| ٧ | بەشەکانی زمانی (کوردی،ئینگلیزی،عەرەبی، فەرەنسی) و بەشەکانی ئەدەبی ئینگلیزی، وەرگێران | ٩٠ |
| ٨ | کۆلیژی پەروەردە بەشەکانی (فیزیا، بایۆلۆجی، ماتماتیک، هونەری شێوەکار) | ٩٠ |
| ٩ | کۆلیژی پەروەردە، پەروەردەی گشتی، باخچەی ساوایان | ١٢٠ |
| ١٠ | کۆلیژی ئاداب و هونەر - بەشەکانی (ڕاگەیاندن و هونەری دیزانی ناوخۆ، هێلکاری) (بەشی میدیا و پەیوەندی جیهانی) | ٩٠ |
| ١١ | کۆلیژی کارگێری و ئابووری – بەشەکانی (ژمێریاری، ژمێریاری بە تەکنەلۆجیای زانیاری , دارایی و بانک، ئابووری، کارگێری کار، بەڕێوەبردنی کار، بەڕێوەبردن و ئابووری، کارگێری یاسا، کارگێری تەندروستی، بازاڕگەری، کارگێری ئۆتێلەکان، کارگێری گەشتیاری، کارگێری زانیاری ، کارگێری و دارایی ژمێریاری و دارایی ، سیستەمی زانیاری کارگێری، کارگێری گشتی , میوانداری گەشت و گوزار) | ١٤٠ |
| ١٢ | پەیمانگە تەکنیکیەکان – بەشەکانی (گەشتوگوزار، ژمێریاری، کارگێری کار، کارگێری یاسا، کارگێری نەوت و گاز، کارگێری بانکییەکان) | ١٧٠ |
| ١٣ | پەیمانگە تەکنیکیەکان – بەشەکانی (تەکنەلۆجیای زانیاری، زانستی کۆمپیوتەر، کۆمپیوتەر و BIT ،Network) | ١٠٠ |
| ١٤ | پەیمانگەی - نەوت بەشەکانی (تەکنیکی هەڵکەندن، پاڵاوتنی نەوت و تەکنیکی گاز ، پاڵاوتنی نەوت - کارپێکردن و کۆنترۆڵ) | ١٢٠ |
| ١٥ | پەیمانگەی تەکنیکی – بەشی (زمانی ئینگلیزی) | ١٠٠ |

تێبینی: مەرج نییە گشت زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان تەواوی ڕێژەی پلانی وەرگرتنیان پێبدرێت، بەڵکو دەکەوێتە سەر ڕێژەی پابەندبوونیان بە بنەماکانی دڵنیایی جۆری و ئامادەیی ستافی وانەبێژی و تاقیگەو ژینگەی زانکۆ و پەیمانگاو پێداویستەکانی پرۆسەی خوێندن.

ب- ڕێژەی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکان لەنێوان دەرچووانی لقە ئامادەییەکان و پەیمانگەکان بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:

| ز | هەڵگرانی بڕوانامە | ڕێژەی وەرگرتن لە کۆی پلانی وەرگرتن | دەرچووانی ئەم ساڵ | دەرچووانی ساڵانی پێشوو |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دەرچووانی ئامادەیی | %٨٠ | %٩٠ | %١٠ |
| ٢ | دەرچووانی لقە پیشەییەکان | %٥ | %٩٠ | %١٠ |
| ٣ | دەرچووانی پەیمانگەی پێنج ساڵەی سەر بە وەزارەتی پەروەردە | %٥ | %٩٠ | %١٠ |
| ٤ | دەرچووانی پەیمانگەی تەکنیکی (دوو ساڵە) | %١٠ | %٩٠ | %١٠ |

تێبینی:

١. ئەو بەشانەی تەنها دەرچووانی ئامادەیی تێدا وەردەگیرێت ئەوا کۆی پلانی وەرگرتن دابەش دەکرێت بە ڕێژەی (%٩٠) بۆ دەرچووانی ئەمساڵ و (%١٠) بۆ دەرچووانی ساڵانی پێشوو.

٢. ئەگەر لەو بەشانەی کە ڕێژەی وەرگرتنی لقە پیشەیی و پەیمانگە پێنج ساڵی و پەیمانگە تەکنیکەکان پڕنابێتەوە، ئەوا بە دەرچووانی ئامادەیی پڕ دەکرێتەوە. بە مەرجێک گشت ڕێنماییەکانی وەرگرتنیان لەسەر بەرجەستەبێت.

٣. بۆ بەشی پزیشکی ددان ڕێژەی (%٥) بۆ دەرچوانی دەرەوەی هەرێم تەرخان دەکرێت بە مەرجێک کۆ نمرەی وەرگرتن بەرزتر بێت لە ناوەوەی هەرێم.

٤. پێویستە زانکۆ لەکاتی پێشکەشکردن بۆ بەشی پەروەردەی گشتی، قوتابی/خوێندکاران ئاگادار بکاتەوە کە لە قۆناغی سێیەمەوە دەبێتە پسپۆری جیاواز و میکانیزمی دابشکردنیشیان دیاری بکرێت، بە جۆرێک پسپۆرییەکانی (تەکنەلۆژیان زانیاری و زانستە گشتییەکان و بیرکاری و هەر پسپۆرییەکی زانستی کە لە داهاتوو بکرێتەوە) تەنها دەرچووانی لقی زانستی وەردەگرێت.

## چواردەیەم: وانە هاوپەیوەندیدارەکان:

ئەگەر هاتوو ژمارەی ئەو قوتابیانەی/خوێندکارانەی، کە کەمترین کۆنمرەکانیان یەکسانە، زیاتربوو لەو ژمارەیەی بڕیارە وەربگیرێن لە بەشێکی دیاریکراودابەپێی پلانی وەرگرتن، ئەوا ناوەکان بەپێی وانە هاوپەیوەندیدارەکان دەچنە خانەی پێشبڕکێوە، هەروەکو لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

| بەش | وانە هاوپەیوەندیدارەکان |
|---|---|
| پزیشکی ددان | کیمیا / فیزیا / زیندەوەرزانی |
| بەشە ئەندازیارییەکان | کیمیا / فیزیا / بیرکاری / زیندەوەرزانی |
| بەشە زانستییەکانی هەردوو کۆلێژی زانست و پەروەردە | کیمیا / زیندەوەرزانی / فیزیا / بیرکاری |
| هەموو بەشەکانی دیکە | بەپێ ی پسپۆری |

## پانزەیەم: وەرگرتنی یەکەمەکانی قۆناغی یەکەم لە پەیمانگە تەکنیکییەکان لە بەشی هاوشێوەی زانکۆ تایبەتەکان:

١. دەرچووانی پلەی یەکەم لە قۆناغی یەکەم لەسەر ئاستی بەش لە پەیمانگە تەکنیکییە تایبەتەکان (دوو ساڵە) (جگەلە پسپۆرییە پزیشکی و ئەندازەییەکان) دوای بەدەستهێنانی لاری نەبوونی زانکۆیەکی تایبەت و وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت، مافی درێژەدان بە خوێندن لە قۆناغی یەکەم لە بەشی هاوشێوەی پسۆرییەکەی دەبێت لە زانکۆ تایبەتەکان.
٢. تێکڕای کۆنمرەی یەکەمی بەش لە قۆناغی یەکەم پێویستە لە (زۆر باشە) کەمتر نەبێت بۆ وەرگرتن لە قۆناغی یەکەم لە بەشی هاوشێوە لە زانکۆ تایبەتەکان.
٣. زانکۆ تایبەتەکان دوای پێدانی لاری نەبوون بە وەرگرتنی ئەو قوتابی/خوێندکارە و وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت، نووسراو بۆ پەیمانگە دەکات بۆ ناردنی وێنەیەک لە بڕوانامەی بە نمرەی ڕەسەنی قوتابی/خوێندکارەکە دەکات.
٤. لەکاتی وەرگرتنی یەکەمی ئاستی بەش لە پەیمانگەکان لە بەشی هاوشێوە لە زانکۆ تایبەتەکان، ئەوا قوتابی/خوێدکاری سوودمەند لە کرێی خوێندنی ساڵی دووەمی پەیمانگە دەبەخشرێت.

## شانزەیەم: قوتابی/خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت:

أ. قوتابی/خوێندکاری نابینا کە مەرجەکانی وەرگرتنی هەبێت بۆی هەیە داواکاری وەرگرتن ڕاستەوخۆ پێشکەش بکات بە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بۆ وەرگرتن لەیەکێک لە کۆلێژە زانستە مرۆییەکان.

ب. قوتابی/خوێندکاری خاوەن پێداویستیی تایبەت ئەگەر لە بەشێک وەرگیرا و جەستەی شیاو نەبوو بۆ ئەو جۆرە خوێندنە، ئەوا زانکۆ یان پەیمانگە تایبەتەکان دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی تایبەت و لەبەرچاوگرتنی ئارەزووی قوتابی/خوێندکارەکە بۆی هەیە بیگوازێتەوە بۆ خوێندنێکی شیاوتر بە مەرجێک کۆنمرەکەی لەو بەشەدا وەرگیرابێت و کورسی خوێندنی بەتاڵی مابێت.

ج. ڕەچاوی شوێنی خوێندن و هۆڵ وتاقیگە بۆ خاوەن پێداویستەکان بکرێت .

وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت
مديرية التعليم الخاص
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

## حەقدەیەم: پەیوەندیکردن و ناڕەزایی:

١. ئەو قوتابی/خوێندکارەی ناوی لە هەر زانکۆیەک یان پەیمانگەیەک دەردەچێت پێویستە لە ماوەی (٣)ڕۆژ پاش ڕاگەیاندنی ناوی وەرگیراوان پەیوەندی بە شوێنەکەی خۆی بکات، بە پێچەوانەوە هەڵوەشاندنەوەی پاڵاوتنی بۆ دەکرێت.

٢. هەر قوتابی/خوێندکارێك بەپێی ڕیزبەندی هەڵبژاردنەکانی خۆی بەپێی ڕێنماییەکانی وەرگرتن لەو بەشەی وەردەگیرێت ئەوا بەهیچ شێوەیەک مافی ناڕەزایی نابێت و خۆی بەرپرسیارە دەبێت لە هەڵەی پڕکردنەوە.

٣. لەکاتی بوونی هەر کێشە و حاڵەتی سکاڵای قوتابیان/خوێندکاران، پێویستە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەدواداچوونی تەواو ئەنجام بدات پێش ئەوەی بۆ وەزارەتمان بەرزبکاتەوە.

## هەژدەیەم: پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی ئەزموون و ڕێکاری قوتابیان/خوێندکاران

١. قوتابیان/خوێندکاران دەبێت پابەندبن بەدەوام بەپێی ڕێنماییەکانی ئەزمونەکان و ڕێکاری قوتابیان/خوێندکاران کە بەنوسراومان ژمارە (٢٢١٣٠/٥) لە ٢٠٠٩/١٢/١٤ گشتاندنی بۆ کراوە بۆ هەموو زانکۆ و حکومی و تایبەتەکان، بۆ دڵنیابوون لە دەوام و تاقیکردنەوەکان لە لایەن تیمی پشکنینی تایبەت بە دواداچوون دەکرێت.

٢. پێویستە قوتابی/خوێندکار دوای وەرگرتنی کۆتایی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پابەندی دەوام بێت و خۆی تەرخان بکات بۆ خوێندن و بەپێی خشتەی وانەکان لە هۆڵەکانی خوێندن ئامادەبێت.

٣. قوتابی/ خوێندکار ئەگەر ڕێژەی ئامادەنەبوونی لەگشت وانەکان گەیشتە (١٠%) بەبێ بیانووی ڕێپێدراو (عذر مشروع) دەبێت ئەم ساڵەی خوێندنی بە تەواوی بەکەوتوو بۆ هەژمار بکرێت ئەگەر سیستەمی خوێندنی ساڵانە یان کۆرسات یان کریدت بوو. هەروەها ئەگەر قوتابی/ خوێندکارێک لە بابەتێک ڕێژەی (١٠%) تێپەراند دەتوانرێت تەنها لەو بابەتە بەکەوتوو ئەژمار بکرێت ئەگەر ڕێژەی کۆی گشتی ئامادەنەبوو نەگەیشتبووە (١٠%).

٤. ئەگەر قوتابی/خوێندكار ڕێژەی ئامادەنەبوونی لەكاتی بوونی بیانووی ڕێپێدراو (عذر مشروع) كە بریتیە لە (كۆچی دوای كەسانی نزیك وەكو دایك و باوك و خوشك و برا و هاوسەر و منداڵ یان نەخۆشی كە دەبێت بە ڕاپۆرتی پزیشكی لەلایەن لیژنە تایبەتەكانی پزیشكی پارێزگاكان پەسەندكرابێت) لە (١٥%) تێپەڕی ئەوا پێویستە لەلایەن زانكۆوە دابڕاندنی لە خوێندن بۆ بكرێت.

٥. دەرفت بدرێت بەو قوتابی/خوێندكارانەی كە لە كاتی خوێندن بەبەهۆی كارەساتێك بەند دەكرێت بە پێی یاسای سزادانی عێراقی بەشداری تاقیكردنەوەكان بكەن بەمەرجێك ئەم قوتابی/خوێندكارە ڕێژەی (١٥%) ئامادەنەبووی تێنەپەڕاندبێت لە كاتی دەستگیركردنیدا.

**نۆزدەیەم:**

ئەم ڕێنماییە بۆ وەرگرتن لە زانكۆو پەیمانگە تایبەتەكان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)ەوە جێبەجێ دەكرێت و كار بەهیچ ڕێنماییەكی تری وەرگرتنی پێشووتر ناكرێت

د. یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
٢٠١٦/٨/٩

**وێنەیەك بۆ:-**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەل ڕێزدا.
- وەزارەتی داد / ڕۆژنامەی وە قایعی كوردستان/ تكایە بۆ بڵاوكردنەوەی/ لەگەڵ ریزدا.
- بەڕێزان ڕاوێژكارانی جەنابی وەزیر/ بۆ زانین / لەگەڵ ریزدا.
- گشت زانكۆ حكومییەكانی هەرێمی كوردستان/ بۆ زانین/ لەگەل ڕێزدا.
- گشت زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكانی هەرێمی كوردستان/ بۆ زانین و كاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەكانی دیوانی وەزارەت / بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت/ بۆ زانین و كاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا
- بەرێوبەرایەتی كاروباری یاسایی ، لەگەڵ بەراییەكان .
- دەركردە.